# ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوشەڕی کۆنەپەرستانەو تایفی، سەفقەیەکی سیاسی یە.

**عبدالله مەحمود**
abdulla.mahmud@gmail.com

تا ماوەیەکی کەم بەر لەئێستا، هەرکاتێك باسی ناردنی پێشمەرگە بۆ بەغداو شوێنەکانی تری عێراق هاتبایە ئاراوە، بەرپرسانی پارتی و یەکێتی بەحەماسەوە وەلامیاندەدایەوەو پێداگریان لەسەر ئەوە دەکرد، کەهێزی پێشمەرگە هێزی کوردستانە، هێزێکە خۆی ناگلێنێتە ناو هەلومەرجی ئێستای عێراق و بەشداری لەشەر و بەیەکدانەکەی ناکات، هێزی پێشمەرگە نابێ ببێتە نیشانەی قەناسەی تیرۆرستان، هێزی پێشمەرگە شارەزایی جغرافیای شارەکانی عێراق نییە، هێزی پێشمەرگە زمانی عەرەبی نازانن، هێزی پێشمەرگە فێری ئەم جۆرە لەشەڕ نین کە ئێستا لەشارەکانی عێراق لەئارادایە، هێزی پێشمەرگە هێزێکە بۆ بەرگری لەخەڵکی کوردستان و پاراستنی دەسکەوتەکانی حکومەت و پەرلەمان و خواستە بەدیهاتوەکانی خەڵکی کوردستان!!.... تاد.

ئێستا دوای بڵاوبونەوەی یاداشتی بەیکەر–هاملتۆن و پاشان سەردانی نیچیر بارزانی بۆ بەغدا، بڕیار دراوە کە هێزی پێشمەرگە" لیوایەکی یەکێتی و لیوایەکی پارتی" بچن بۆ شارەکانی بەغداو شارەکانی تر، بەمەبەستی شەڕی تیرۆرستان و سەقامگیرکردنی ئەمنیەت!!... بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر ئەو ئامانجانەی یەکێتی وپارتی لەناردنی هێزی پیشمەرگە بۆ شارەکان عێراق بەدوایەوەن، دەبێ لە وەڵام بەچەند پرسیارێکەوە دەست پێ بکەین.

ئایا بۆچی بڕیار لەناردنی پێشمەرگە درا، لەکاتێکدا تا مانگێك لەمەوبەر دژایەتی ناردنی دەکرا؟ ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ شارەکانی عێراق، بۆ گێرانەوەی ئەمنیەت و شەڕی تیرۆرستانە؟ئایا ناردنی هێزی پێشمەرگە تەنها بۆچەند ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتە وەکو ڕادەگەیەنرێت؟ بەشداری هێزی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراق!! لەچوارچێوەی بەرگریکردنە لە عێراق و بنیاتنانەوەی سوپایەکی نیزامیدا؟ ئایا هێزی پێشمەرگە خۆی هێزێکی نیزامی یە؟ ئایا ناردنی هێزی پێشمەرگە لە قازانجی خەڵکی کوردستانە؟ وە بەکورتی ئامانج لەناردنی هێزی پیشمەرگە چی یە بۆ بەغداو شارەکانی تر؟

بۆهەموو خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش بۆئەوانەی متابعەی کاروباری سیاسی دەکەن، ئاشکرایە کە تا مانگێك بەر لەئێستا باسی ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ شارەکانی عێراق لەلایەن بەرپرسانی سیاسی و عەسکەری یەکێتی و پارتی بەتوندی ڕەتدەکرایەوە، کەچی ئێستا بەئاشکرا و بە فەرمی ئەوە ڕادەگەیەنن کە هێزی پیشمەرگە دەچێتە بەغداو بەشداری لەسەقامگیرکردنی ئەمنیەت دەکات!

دیارە گێرانەوەی ئەمنیەت و سەقامگیری لەعێراقدا، و ڕاگرتنی ئەو فوارەی خوێنەی لەجەستەی ئێستای خەڵکی بێتاوان دەڕوات لەقازانجی خەڵکی عێراق و کوردستان و ناوچەکەیە وهەرکەسێك بەئەندازەی تاڵە دەزویەك ئیحساسی ئینسانی هەبێت، بەهەواڵی کوژران و سەقەت بوون و ئاوارەبونی خەڵکی عێراق، تەزوو بەلەشیا دێت و نەفرەت دەکات لەو جانەوەرانەی عێراقیان بەو دەردە بردووە، وەهەر هەنگاوێکیش لەڕاستای کۆتاییهێنان بەشەڕی تایفی و بەیەکدادانی تیرۆرستی و ، بەداگیرکاری و نائەمنی بنرێت، کارێکی پیرۆزەو دەبێ پێشوازی لێبکرێت.

**بەڵام هیچ لەوە ڕۆشنتر نییە، ئەوانەی عێراقیان بەم دەردە بردووە، بەر لەوەی کۆنەبەعسیەکان وئیسلامیە توندڕەوەکانی سەر بە قاعیدەبن، میلیشای جۆراوجۆری ئەو ڕەوت و هێزو لایەنە سیاسی و تایفی و قەومیانەن کە بەرپرسە پلە یەکەکانیان لە حکومەت و پەرلەماندان، میلیشیاکانی سەر بەسەدرو حەکیم و جەعفەری و سالح موتلەگ و عەلاوی و....... و ئەوەیش بە پلەی یەکەم کۆمەڵگای لەخوێن هەڵکێشاوە شەڕی ناوخۆی و تایفی یە، کە ئەو میلیشیانە بەڕێوەی دەبەن.**

**ئەمرۆ لە جێگای بەعەرەب کردن" تەعریب" و بە بەعسی کردن" تەبعیس" کە ڕژێمی لەدەسەلات کەوتووی بەعس لەماوەی دەسەڵاتی خۆیدا لەعێراق پیادەی کرد، ئێستا بەشیعەکردن" تەشیع" بەدەرەجاتێکیش و بەسونەکردن"تسن" لەلایەن میلیشای بەشدار لەدەسەڵاتدا بەڕێوەدەبرێن، و تەتهیری تایفی بەرچاوترین دیاردەی شێواندن و نائەمنکردنی کۆمەڵگای عێراقە، کە ڕاستەوخۆ بەرهەمی جەنگ وداگیرکاریە.**

**لەناو بەیەکدادانێکی ئاوای تایفییدایە، کە دەستەو تاقمە تیرۆرستەکانی سەر بە قاعیدەو کۆنەبەعسیەکانیش لەدەرەوەی دەسەڵاتی ڕەسمی ئێستای عێراقدا و بۆ سەهم بوونیان لەدەسەڵاتدا، شەڕی هێزەکانی ئەمریکاو حکومەتە دەسکردەکەی ئەو دەکەن.**

**ئەم واقعیەتە تاڵەش هی ئەم هەفتەیە و چەند مانگی ڕابردوو نییە، بەڵکە بەدوای کەوتنی بەعسەوە سەری هەڵداوەو درێژەی هەیەو لەبەرین بوونەوەدایە، بۆیە ناردنی هێزی پێشمەرگە لەو کات وساتەدا  نەك بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بەگێڕانەوەی ئەمنیەتەوە نییە،بەلکو بەهەموو پێوانەیەك و مەنتیقێك هەنگاوێکە بۆ بۆ ڕێگەخۆشکردن وزەمینەسازکردن بۆ دەستێوەردانی میلیشاکانی عێراق لە وەزعی کوردستان و لە پێشیشیانەوە بۆ ملهوری نواندنیان لەکەرکوك، بۆیە ناردنی پێشمەرگە بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بەگێڕانەوەی ئەمنیەت بۆ عێراق نییە،و  ئەمە دۆریەکی شاخدارە.**

**هەروەها ئەوەی کەبەرپرسی ئەحزابەکان ڕایدەگەیەنن، کە گوایە بەشداری پێشمەرگە بۆچەند ئۆپەراسیۆنێکی دیاریکراوە، بەجیالەوەی فیڵێکە لەچەکدارەکانیان بۆ بردنیان بۆ ناو کورەی جەنگێکی کۆنەپەرستانەی تایفی، فریوکاریەکیشە بۆ ئیحتیواکردنی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بەو هەنگاوەییان.**

**لەعێراق ئۆپەراسیۆنێکی تایبەت نییە، عێراق لەناو دڵی سەدان ئۆپەراسیۆنی میلیشیایدایە پەلوپۆ دەکوتێت و بەشداری پێکردنی پێشمەرگە بەپێی هدنەیەکە لەگەڵ میلیشیاکانی تری سەر بەحکومەت. مادام لەکێشمەکێشی تایفیدا میلیشیاکان و خەڵکی سەر بەتایفەکان دەکوژرێن و سەردەبڕدرێن، دەشێوێنرێن و لاشەکانیان لەقەراغ شارەکان و کەلاوەکان، فرێدەدرێت یان بەکۆمەڵ ژێر خاك دەخرێن، نابێت میلیشیاکانی یەکێتی وپارتی مەعاف بن و دەبێ هەروەختێك داواکران ئامادەبن و بەشداری بکەن لەو مەئموریەتەی پێیان دەسپێردرێت. هاوکات دەبێ باجی خۆیان بدەن و لەونێوەشدا قەرەبووی خوێنی  کوژراو سەقەت بوەکانیان بەپێ ی هدنەی سەرانی ئەحزابی کوردو لەگەڵ سەرانی ئەحزابی دینی و قەومی عێراق،  وەربگرن.**

**فریوکاریەکی تر ئەوەیە کە دەوترێت ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەرگریکردنە لە عێراق و هەنگاوێکە بۆ پێکهێنانی هێزێکی نیزامی، ئەمەش درۆیەکی بێ پۆششە چونکە هەموو کەس دەزانێت کە وەزعیەتی عیراق بەرهەمی داگیرکاری یە، هەموو ئەوهێزانەش کەئێستا بەشیان لەحکومەتدا هەیە، خزمەتکاری داگیرکاری ئەمریکین و لەبەرامبەر بە بریارو ڕاسپاردەی هەر بەرپرسانی ئەمریکاشدا ملیان لە تاڵە موویەك باریکترە، و باسی بەرگریکردن لەعێراق کەسی پێ فریونادرێت مەگەر معەلیق و موحەلیلە سیاسی یە راسپێردراوەکانی کوردسات و کوردستان تیفی.**

**ئاخر عێراقێك هیچ شتێکی بەبڕیاری حکومەتی عێراق نەبێت و تەنانەت حکومەت لە کارتۆنێك زیاتر هیچی تر نەبێت و هەموو شتێك بە بڕیاری حکومەتی ئەمریکاو بالیۆزەکەی بێت و بەپێی یاداشتی سیاسیە گەورەکانی ئەمریکاش(بیکەر–هاملتۆن) بریار بێت ئیران وسوریاو وولاتانی ناوچەکە دەوری بەشداری پێکردنیان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا پێببڕێت، ئیتر چ**

پێویست بە بەرگری دەکات و بەرگری  لە کێ؟  وا بریارە ئەوانەی دەستیان کورتە لە وەزعی عێراقدا، دەستیان درێژ بکرێت و فرسەتیان پێبدرێت، بەعسیەکان بێ سەدام بگێڕدرێنەوە ناو دەسەلأت کەواتە دیسان بەرگری و پارستنی حکومەت لەکام هێزو کام دەوڵەت؟ خۆ لەو هێزو دەوڵەتانە دوژمنکارتر نین.

تائەوجیگایەی باسی هێزی نیزامی یە، لەعێراق هیچ هێزیکی نیزامی و متەمەکیزی دەوڵەتی نی یە، ئەوەی هەیە هێزی میلیشیای یە، و بەپارەوپولی تالأنکراوی پاروی دەمی خەڵك و پارەوپولی ولأتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، بونەتە ملۆزمی سەر دڵی خەڵك و دوو شیفت کوشتار ئەکەن، و دوو موچەش وەردەگرن، شیفتێك خەریکن ژێربەژێر قەسابی تایفی یەکتری دەکەن و بەدەمامکی جۆراوجۆرەوە خەڵکی لەسەر بنەمای ناو ناسنامە و زمان، لەخوێنا ئەگەوزێنن و شیفتێکیش لە ژێرناوی شەڕی دژە تیرۆرو دابینکردنی ئەمنیەتدا، بەئاشکرا هەمان کوشتارو قەسابخانە دەخوڵقێنن و لەبەرامبەریشدا پارەی هەردوو شیفتی کارەکەیان وەردەگرن.

هێزی پێشمەگەرش هەرگیز هێزێکی نیزامی و متەمەرکیز نەبووە(تەنانەت یەکگرتنەوەی ئیدارەکانیان بەبێ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەیە)، بەڵکو هەمیشە هێزی چەکداری ئەحزاب بووە، هەرکاتێك پێوستی کردبێت، بە کۆدی ئەحزاب خراوەتەگەر، چەندین جار بۆ شەڕی یەکتری( شەری ناوخۆ)و بۆ پێشلەشکری سوپای پاسداران و ئیتلاعات بۆ سەر ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی، چەندین جاریش بۆ چاوساغیکردن بۆ سوپای تورکیاو لێدانی  پەکەکە، و هەروەها بۆ پێشلەشکری سوپای بەعس و لەپشتەوە خەنجەر نەدان لە کۆماری عێراق، و... دەیان و سەدان جاریش بۆسەرکوتی نارەزایەتی و تەقەکردن لە مانگرتنی کرێکاران و خۆپیشاندانی ڕەوای خەڵکی هەڵەبجەو سلێمانی و ڕانیەو ئاکرێ و گەرمیان و قەڵادزێ و دهۆك وچەمچەماڵ و خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان و چەندجاریش بۆ سەرکوتی مخالفینی سیاسی خۆیان.......تاد.

 بۆ یەکجاریش ئەم هێزی پێشمەگەیە کە زوربەیان ڕۆڵەی خەڵکی کەمدەرامەتی کوردستانن، وەکو باقی خەڵکی کوردستان هیچ ئیرادەیەکیان لەسەر ئەم هەنگاوانە نەبووە کە پێیان نراوە، بەڵکو هەمیشە ناچارکراون دەست بۆ ئەوکارە قێزەونانە بەرن کەدژی بەرژەوندی خۆیان و خەڵکی  هاوچارەنووسی خۆیان بووە.

کەواتە ناردنی هێزی پێشمەرگە لە لایەن یەکێتی و پارتی یەوە بۆچی یە؟

یەکێتی و پارتی لەمێژووی پێکهاتنیانەوە تا ئێستا بۆ یەکجاریش گوێیان بە بڕیارو ئیرادەی خەڵکی کورستان نەداوەو هەمیشە لەسەرو بریارو ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە، کەوتونەتە سازش و سات وسەوداو مامەڵە، تەنانەت سات وسەودا بە کارەساتەکانش(ئەنفال، کیمیاباران، ئاوارەیی، ڕاگواستن...) یەکێك لە داهێنانەکانیان بووە.

 هەنگاوی ئەمجارەشیان بەناردنی هێزی پێشمەرگە لەدرێژەی هەمان سیاسەتی چەوتی لکاندنی خۆیان بە سیاسەتی ڕۆژو سیاسەتی ئەمریکاو حکومەتە کرێگرتەکەی لە عێراقداو لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوەیە. ئامانجیش لەو سیاسەت و هەنگاوە بەکوشتدانی ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستانە لەئاشی بەیەکدادانی تیرۆرستی و شەڕی تایفیدا، بۆ لەدەست نەدانی بەشە دەسەلأتیان لە حکومەتی ناوەندی و کرێگرتەی ئەمریکاو لەدەستنەدانی قەڵەمڕەوی دەسەلأتیانە بەسەر خەڵکی کوردستاندا. تەسلیمکردنی خەڵکی کوردستان و بەبارمتەگرتنی خواست وئارەزوەکانیانە لەمامەڵەکردنیاندا لەگەڵ ئەمریکاو حکومەتی مەرکەزی بەمەرجی ئەوەی لەبەرامبەردا سەفەقات لەپارە بیچڕن. ئەمەش ئامانجێکی ئاشکراو ڕاگەیەنراوی لەپێشوتری یەکێتی و پارتی بوو.

هەموو کەسێك گوێ بیستی ئاشکرای بەرپرسانی یەکێتی وپارتی بوو کە دەیانووت  هێزی پیشمەرگە لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزیەوە پارەی پێنادرێت و ئەمە یەکێکە لەمەسەلە هەڵواسراوەکانی نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی، هێنانەگۆری ئەمە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی و باڵیۆزی ئەمریکا تەنها بەوە بەسەرئەنجام گەیشت کە دەی باشە ئێوەش ئەگەر

بەشێکن لەهێزی بەرگری نیشتمانی!! هێزەکانتان بهێنن و لەمەیدانی بەرامبەرکیی عێراقدا ڕۆڵبگێڕن، سەرئەنجام بەڕەزامەندی نیشاندانی حکومەتی مەرکەزی بە دانی برە پارە بۆ هێزی پێشمەرگە ڕیکەوتن لەسەر بڕەکەی، یەکێتی و پارتی بڕیاریاندا هێزی پێشمەرگە بنێرن وبەوێنەی بەشێك لەهێزی بەرگری نیشتمانیو شەڕی دژە تیرۆرو گێرانەوەی ئەمنیەت بۆ عێراق!. بەکورتی یەکەی لەبەرامبەر پارەدا هێزەکانیان ناردو بەمەش بەڕاستی سەردەمی فەوجە خەفیفەکان و مستەشارەکانیان بەبیرهێنایەوە کە بە قۆنتەرات وپارە لەلایەن بەعسەوە بەکرێدەگیران، ئەمجارە لەجێگای دەیان فەوج و مستەشار سەرکردایەتی یەکێتی وپارتی بەوێنەی دووکۆمپانیای قۆنتراتچی، لەسەفقەیەکی سیاسیدا بڕیاری ناردنی هێزی پیشمەرگەیاندا بۆ ناو ئاگربارانی جەنگی تایفی وشەڕی تیرۆرستی. دیارە بەجیا لەوئامانجە سەرەکی یە کە زیادکردنی بودجەی پارتی و یەکێتی و حکومەتەکەیان بوو، چەند ئامانجێکی تریشی هەیە، لەوانە یەکێتی و پارتی دەیانەوێت بەم کارەیان هێزی پیشمەگە لە میلیشیاوە بە هێزێکی نیزامی بەرگری کەر لەعێراقی نویٚ نیشانی هاوپەیمانەکانیان بدەن لەحکومەتی عێراقدا، بەمەش لانی کەم لەپرۆسەی چەکداماڵینی میلیشیاکان کە لێرەو لەویٚ باس دەکرێت بەربگرن لەوەی هێزی پیشمەرگەی کوردستان بگرێتەوە. دەیانەویٚ هێزی پێشمەرگەش وەکو میلیشیای ڕەوتەکانی تری بەشدار لەحکومەتدا مەعاف بێت و بەدەست لێنەدراوی بمێنێتەوە.

ئامانجێکی تر نیشاندانی هێزی پێشمەرگەیە وەکو میلیشیایەك بە میلیشیاکانی تری ئێستای عێراق، تا لەوڕێگەیەوە نیشانبدەن کەئەوانیش بەوێنەی میلیشیاکانی عێراق لەژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیاندا خاوەنی میلیشیان و ئامادەی بەرگرین لەدەسکەوتەکانیان و جێگاو ڕێگای سیاسیان لە عێراقدا.

بەڵام هیچ کام لەو ئامانجانە کە یەکێتی و پارتی بەدوایەوەن، ئامانجی خەڵکی کوردستان نییە و ناردنی هێزی پێشمەرگە، دیسان بەمانای نەگبەتیەکی ترو سات وسەودایەکی ترە کە بە خوێنی ڕۆڵەکانیانەوە دەکرێت و لەوەش واوەتر ئاکامی ترسناکی سیاسی بەدواوە دەبێت.

ئاخر ناردنی هێزی پیشمەرگە بۆ ناوشەڕی تایفی و بەیەکدادانی میلیشیایی ئێستای عێراق، بەمانای قوڵکردنەوەی هەرچی زیاتری قڵشتی قەومی نێوان خەڵکی کوردزمان و عەرەبزمانە و ئاگردانی فتیلی شەڕی قەومی دەورەی داهاتووە، بەتایبەتیش مۆرکردنی شەڕی سبەینی یە لەشاری کەرکوك.

بۆیە ئەم هەنگاوەی یەکێتی و پارتی هەنگاوێکی بێئەندازە دوژمنکارانەیە بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی.

خەڵکی کوردستان هەرگیز نایەوێت ڕۆڵەکانیان لەبەرامبەر سەفقەیەکی سیاسیدا ڕەوانەی بەغدا بکرێن، و ببنە بەشێك لە میلیشیایەکی پان وپۆری دەسەڵاتێکی مەزهەبی-قەومی لەعێراقدا، کە بەڕاستی هەڕەشەیەکی گەورەن لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی و لەسەر ماف و داخوازیەکانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراق و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و سەرچاوەی سەرهەڵدانەوەی هەڵاواردنی قەومی و دینی و زوڵمی بێئەوپەڕن.

خەڵکی کوردستان دەبیٚ ئەو ناڕازیبوونەیان بەرامبەر بەبڕیاری ناردنی ڕۆڵەکانیان بۆ ناوشەڕێکی کۆنەپەرستانە و تایفی، و کەڵك وەرگرتنی یەکێتی و پارتی لە برسێتی و گرانی، بکەنە بزوتنەوەیەکی فراوانی ناڕەزایەتی و ڕێگە بگرن لەوەزیاتر ڕۆڵەکانیان بکرێنە بەمەقاش و وەسیلەی قایمکردنی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و کەڵەکەکردنی سەروەت وسامانیان، و لەولاشەوە خۆیان هەم ئایندەی سیاسیان بخرێتە بەردەم هەڕەشەو هەم ژیانی ئیستاشیان ڕۆژبەڕۆژ بەرەو نەبونی و گرانی کولەمەرگی زیاتر ببرێت.

2007-1-9